گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 985 (PP 135-152)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.9

توێژینەوە

# ئارگیومێنتی شیعریی لەنێوان شاعیر و خوێنەردا لەڕوانگەی "تەکنیکەکانی دابڕین" لە تیۆری"ڕەوانبێژیی نوێ" ی"پێرلمان و تیتیکا"وهشیعری کوردیی ناوەڕاست بەنموونە

هیمداد حوسێن بەکر *
محمد عبدالکريم ابراهيم**

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر کاریگەریی تەکنیکەکانی دابڕینی تیۆری ڕەوانبێژیی نوێی پێرلمان و تیتیکا، لەگەڵ ڕۆڵی هەریەکە لە شاعیر و خوێنەر بۆ بنیاتنانی ئارگیومێنتی شیعری. بەپێی ئەو تیۆرە، وەك ئەوەی شاعیر هەوڵدەدات وێنەشیعرییەکان و دەربڕینەکانی کاریگەربن بەسەر خوێنەرەوە، بەهەمان شێوە، خوێنەریش لە دروستکردنی ئارگیومێنت لە بابەتەکانی ناو شیعرەوە ڕۆڵی هەیە . واتە: ئارگیومێنتی شیعری، بابەتێکی هاوبەشە لەنێوان شاعیر و خوێنەرەکەیدا. لە لێکۆڵینەوەکەدا، شیعری کوردیی ناوەڕاستمان بەنموونە هەڵبژاردووە. لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم: پێناسەی ئارگیومێنت و باسی چەمکی ئارگیومێنتە لە سەدەی بیستەمدا. بەشی دووەم: خستنەڕووی تەکنیکەکانی دابڕینی تیۆری ڕەوانبێژیی نوێی پێرلمان و تیتیکایە لەگەڵ نموونەی شیعری بۆ هەرتەکنیکێك و لێکدانەوەی ئارگیومێنتی ناو نموونەکە. لێکۆڵینەوەکە بە خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکان کۆتایی دێت.

* بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر-وەزارەتی پەروەردە
hemdad.bakir@su.edu.krd
muhammad.ibrahim@student.su.edu.

وەرگرتن 2023/02/21
پەسندکردن 2023/05/30
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
ئارگیومێنت،
پێوانەی لۆجیکی،
تەکنیکەکانی دابڕین،
ڕەوانبێژیی نوێ،
قەناعەت هێنان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئارگیومێنت یەکێکە لە چالاکییە قسەییەکان، مرۆڤ لە هەموو بوارێکی قسەکردندا، پەنا دەباتە بەر ئارگیومێنت بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی بیرورا و بۆچوونەکانی. لەهەمان کاتدا، مرۆڤ لەدۆخی گوێگردا، پەنا دەباتە بەر تەکنیکەکانی ئارگیومێنت بۆ تێگەیشتن لە ئارگیومێنتەکانی بەرانبەر و دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ وەڵامدانەوەیان، یان پووچەڵکردنەوەیان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵمانداوە ئەو ئاڵوگۆڕە ئارگیومێنتییە لە نێوان شاعیر و خوێنەرەکەی لە شیعری کوردیدا بخەینەڕوو، ئەمیش لە ڕوانگەی تەکنیکەکانی دابڕین لە تیۆری ڕەوانبێژی نوێی پێرلمان و تیتیکاوە.

## 0.1 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەم بابەتە لە ڕەخنەی ئەدەبیی جیهانیدا بابەتێکی نوێیە، لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیشدا کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و پشکنین هەیە، تا بزانرێت تا چ ڕادەیەك ئارگیومێنت لە شیعری کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە و چ بابەخێکی هەیە لە بەهێزکردنی واتای شیعریدا.

## 0.2 گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە یەکەم لێکۆڵینەوەی جێبەجێکاری ئارگیومێنتە لە شیعری کوردیدا، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکە لە نێوان ڕۆڵی شاعیر و خوێنەرەکەی لە بنیاتنانی ئارگیومێنتی شیعریدا هاوسەنگە.

## 0.3 سنووری کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست نووسراوەو کەرستەی لێکۆڵینەوەکەش شیعری کوردیی ناوەڕاستە.

## 0.4 ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەکارهاتووە.

## 0.5 گیروگرفت و پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ وەڵامی ئەو گرفت و پرسیارانە دەگەڕێین:

-ئایا ئارگیومێنت لە شیعردا بەکاردێت؟ یان بابەتێکی لۆجیکیی تایبەتە بە دواندەری و دیالێکتیکی فەلسەفەیی؟

-ئایا هیچ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئارگیومێنت و لۆجیکی ئەرستۆدا؟

-ئایا شیعر بابەتێکی لۆجیکییە تا پێویستیی بە ئارگیومێنت هەبێت؟

-ئایا شیعر توانای باوەڕ پێهێنانی عەقڵیی خوێنەری هەیە؟ یان تەنیا کاریگەریی دەروونی دەخاتە سەر خوێنەر؟

-ئایا وەرگر هیچ ڕۆڵێکی هەیە لە بنیاتنانی ئارگیومێنتدا؟ یان ئارگیومێنت خۆی لە پەیامدا هەیە و نێرەر دروستیدەکات؟

-ئایا ئارگیومێنت لە شیعری کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە؟

# 1-بەشی یەکەم: پێناسە و چەمکی ئارگیومێنت:

## 1.1– پێناسەی ئارگیومێنت:

ئارگیومێنت ئامرازێکی زانستی لۆجیکە، زانستی لۆجیکیش وەك جورجانی پێناسەی کردووە: " لۆجیك زانستێکی ئامرازییە، کۆمەڵە یاسایەکە، بەهۆیانەوە عەقڵ لە بەهەڵەداچوون دەپارێزرێت." (الجرجاني 2004، 196) مەبەست لە زانستی ئامرازییش، ئەو زانستانەن کە وەك ئامراز بەکاردێن بۆ تێگەیشتن لە زانستە فراوانترەکان و پەتییەکان. زانستەکانی زمان بەگشتی و لۆجیك و میتۆدزانی و ڕەوانبێژی و هاوشێوەکانیان، زانستی ئامرازین.

لە زمانی لاتینیدا وشەی Argumentum لە دوو بەش پێکهاتووە: arguō واتە: ڕوونکردنەوە و سەلماندن، mentum واتە: هۆکار و ئامراز (Glare 1968, 168). کەواتە دەستەواژەکە لە لاتینیدا، واتای ئامرازی ڕوونکردنەوە و سەلماندن دەگەیەنێت. لە وەرگێرانی لاتینیی ڕیتۆریکا Rhetoric ی ئەرستۆ دا، ئەو دەستەواژەیە بەواتای بەڵگە وسەلماندن بەکارهاتووە. (Rapp 2021).

ئارگیومێنت لەسەر بنەمای پێوانەی لۆجیکی دامەزراوە. ئینسکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد، پێناسەی پێوانەی ئەرستۆی بەم واتایە هێناوە: "گوتەیەکە، هەندێك ئەنجام بە هەندێك شتەوە دەبەستێتەوە، کە ئەو شتانە پێویستن بۆ ئەنجامەکان"(Smith 2020).

لە کتێبی (1)Topicaپێناسەی پێوانە بەم واتایە هاتووە: "پێوانە: گوتەیەکە ئەگەر هەندێ شتی تێدا باسکرا، پێویست دەبێت لەم باسکراوانەدا شتی تر دەستبکەوێت" (ارسطو 1980، 490).

لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی بەرهەمەکانی ئەرستۆ W. D. Ross et el, 1908**دا**، پێناسەی پێوانە بەم واتایە هاتووە: "پێوانە ئارگیومێنتێکە تێیدا هەندێك شتی دیاریکراو دەخرێنەڕوو، هەندێك شتی تر بە شێوەیەکی پێویست، لەوانەوە بەرهەمدێن"(Aristotle 1908, 326).

کەواتە **:**ئارگیومێنت بریتییە لە پێوانەکردنی بابەتێکی نوێ و نەزانراو بە بابەتێکی کۆنی زانراوەوە، بەهۆی بوونی هاوبەشییەك لە نێوانیاندا، بەمەبەستی سەپاندنی بڕیاری بابەتە زانراوەکە بەسەر بابەتە نوێیەکەدا.

## 1.2- پێکهاتەی پێوانەی لۆجیکی:

پێوانە لە پێشەکی و ئەنجام پێکدێت. کۆبونەوەی پێشەکییەکان و ئەنجامەکەیان پێی دەگوترێت شێوە. ئەویش بەم جۆرە دەخرێتەڕوو: "دووبارەبووەوەی نێوان پێشەکییەکان، پێی دەگوترێت: نێوانە دەستەواژە – [2]حد أوسط middle term -. بابەتی باسکراو پێی دەگوترێت دەستەواژەی بچووك. بابەتی بارکراو پێی دەگوترێت: دەستەواژەی گەورە. پێشەکیی بچووك: ئەوەیە کە دەستەواژەی بچووکی تێدا بێت. پێشەکیی گەورە: ئەوەیە دەستەواژەی گەورەی تیدا بێت. ئەم ڕێکخستنە پێی دەگوترێت: شێوە(الکاتبي 2015، 87-89)

شێوەی پێشەکی و ئەنجام، لەم خشتەیەی خوارەوە دا ڕووندەبێتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| | بابەت | بارکراو |
| پێشەکیی گەورە | هەموو مرۆڤێك | گیاندارە |
| پێشەکیی بچووك | سوکرات | مرۆڤە |
| ئەنجام | سوکرات گیاندارە | |
| | | |

لەم شێوەیەی سەرەوەدا، دوو خانە ڕەنگکراوەکە بەیەکەوە، نێوانە دەستەواژەن. لە پێوانەدا، کاتێك پێشەکیی گەورە و پێشەکی بچووك باسدەکەین، بە لابردنی نێوانە دەستەواژە، ئەنجامان دەستدەکەوێت. وەك لە شێوەکەی سەرەوەدا دیارە.

پێوانە زۆر شێوەی هەیە، بەڵام ئەم شێوەیەی لە خشتەکەدا هاتووە، " شێوەی گشتی و نموونەییە. لەڕووی سەلماندنیشەوە، بەهێزترین شێوەیە، چونکە بۆ گەیشتن بە ئەنجام لەگەڵ عەقڵ هەماهەنگە " (گلنبوي 1310ك، 33). پێوانە، بەپێی جێکەوتی نێوانە دەستەواژە، سێ شێوەی تری هەیە. هەریەکەیان بەجۆرێك لە وێناکردنی عەقڵیی دووردەکەونەوە و بۆ سەلماندنیان پێویستیان بەوە هەیە بەشێوە نموونەییەکەی سەرەوە بەراورد بکرێن.

کەواتە: ئارگیومێنت لە شێوەی سەلماندنی لۆجیکی پێکدێت، شێوەیش لە پێشەکی و ئەنجام پێکدێت. بەگشتی، دوو پێشەکی بۆ هەر ئەنجامێك دەخرێنەڕوو. بەڵام لە ئارگیومێنتی نوێی پێرلمان تیتیکادا، یەك پێشەکی بەکاردێت و بەدەگمەن پەنا دەبرێتە بەر دوو پێشەکی.

ئەم پێوەرە لە شیعردا جێگیر نییە. شاعیر بەپێی پێویستیی بۆچوونەکەی، ژمارەی پێشەکی بەکاردێنێت. بۆیە لە شیعردا هەندێجار سێ پێشەکی بۆ ئارگیومێنتێك بەکاردێن. وەك ئەم نموونەیەی مەحوی:

لەسەر تۆم دوشمنە دنیا، قەزییەم (مانع الجمع) ە

کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم، چ بکەم

(مەحوی 1381، 276)

---

[1]() وەرگێڕانی د.عبدالرحمان بدوي

[2]() وشەی دەستەواژە بۆ وشەی حد ی عەرەبی بەکارهاتووە. چونکە لێرەدا وشەی حد بە واتای دەربڕین یان دەستەواژە، بەکارهاتووە. وەك لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا دیارە. بەڵام لە هەندێك بابەتی تری لۆجیکدا، وشەی حد بەواتای پێناسە بەکاردەهێنرێت. ئێمە لەم ناونانەی ئێرەدا، پشتمان بە سەرچاوە ئینگلیزییەکانیش بەستووە، بۆئەوەی بتوانین لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، وشەیەك بۆ دوو چەمکی جیا بەکارنەهێنین و ڕوونترین مەبەست بە خوێنەر بگەیەنین.

ئەم دێڕە هۆنراوەیە هەڵگری ئارگیومێنتێکە لەسەر سێ پێشەکی بنیاتنراوە. بەم شێوەیە:

لەسەر تۆ دنیا دوشمنی منە: پێشەکیی گەورە

قەزییەمر مانع الجمع ە: یەکەم پێشەکیی پێشەکیی بچووک

من تەرکی تۆ ناکەمر: دووەمر پێشەکیی بچووک

کەواتە: تەرکی هەموو دنیا دەکەمر: ئەنجام

### 1.3- چەمکی ئارگیومێنت لە سەدەی بیستەمدا - ڕەوانبێژیی نوێ:

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، "ڕەوانبێژی بەهێزەوە هاتەوە نێو لێکۆڵینەوە زمانی و نازمانییەکان، ئەرگۆمێنت بە بەشێکی سەرەکی بابەتەکە دانراو ڕەوانبێژی بۆ ئەوپەڕی فراوان کرا." (دزەیی 2015، 48). ئەمر هاتنەپێشەوەیەی ڕەوانبێژی، بە ناونیشانی ڕەوانبێژیینوێ ، لەسەر دەستی سێ قوتابخانەی جیاواز ڕوویدا: " قوتابخانەی یەکەمر: ڕەوانبێژیی نوێی ناسراو بە قوتابخانەی برۆکسێل کە ساڵی 1958 لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی شاییم پێرلمان و ئۆلبرێخت تیتیکا دامەزرا.قوتابخانەی دووەمر : ڕەوانبێژیی نوێی بنیاتگەریی ڕەخنەیی فۆرماڵیست، لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لەنووسین و لێکۆڵینەوەکانی لێکۆڵەرە ناودارەکانی وەك: جیرار جینیت و جان کۆهین و تۆدۆرۆڤ دا ڕەنگی دایەوە. قوتابخانەی سێیەمر :قوتابخانەی سیمیۆلۆجی و پراگماتیکی، لە ساڵی 1979 لەسەر دەستی تۆدۆرۆڤ دەستپێکرد، کاتێ بەڕوونی ڕایگەیاند کە سیمیۆلۆجیا ڕەوانبێژیی نوێیە" (فضل 1992، 66) ئێمە لەمر لێکۆڵینەوەیەدا، کار لەسەر تیۆری شاییم پێرلمان و ئۆلبرێخت تیتیکا دەکەین. لەمر تیۆرەشدا، تەکنیکەکانی دابڕین وەردەگرین کە جەخت لەسەر ڕۆڵی خوێنەر دەکەنەوە لە باوەڕپێهاتن بە کۆی وێنەی شیعریی ناو ئەو دێڕانەی وەك نموونە وەرگیراون.

لەپاڵ ئەمانەشدا، لێکۆڵینەوەکانی بواری پراگماتیك و دەقناسی و ڕەخنەی دەق، گرنگییان بە ئارگیومێنت دا. لەڕووی تەکنیك و شێوەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا هێنا. لەڕووی بنەما و مەبەستیشەوە، سنووری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئارگیومێنتیان فراوانکرد. "جاك موشلار، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بنەمای ئارگیومێنتی نوێ جیاوازە لە ئارگیومێنتی ئەرستۆیی، ئارگیومێنتی نوێ پێویستی بە پێشەکیی بچووك و پێشەکی گەورە نییە، بەڵکو لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت، یەکەمیان پێشدەکەوێت بۆ قەناعەت پێهێنان، دووەمیان ئەنجامی یەکەمە. زۆرجاریش ئەنجامەکە شاراوە دەبێت" (بوقرة 2015، 50).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بنیاتی پێشەکی و ئەنجام، وەك کرۆك و پوختەی ئارگیومێنت، هەر ماوەتەوە. ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا ڕوویداوە، فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی ئارگیومێنت و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانیەتی، هەروەها دووبارە خستنەڕوویەتی لە قاڵبی زانستی نوێدا.

### 1.4- ئارگیومێنتی ڕەوانبێژیی نوێ "شاییم پێرلمان و ئۆلبرێخت تیتیکا":

پوختەی کاری پێرلمان و تیتیکا لەمر خاڵانەدا چڕدەبێتەوە:

#### 1.4.1- داڕشتنەوەی لۆجیکی ئەرستۆ:

پێرلمان مامۆستای یاسا بوو، هەروەها تیتیکای خێزانی زمانەوان بوو. ئەوان یەکەمین توێژەری بواری ئارگیومێنتن لە سەدەی بیستەمدا. ئۆرگانۆن ی ئەرستۆیان دووبارە خستووەتەوە بەر تیشکی لیکۆڵینەوە. هۆکاری ئاوڕدانەوەیان لە کارەکانی ئەرستۆ ئەوەیە کە خۆیان ئاماژەی بۆدەکەن و دەڵێن " ئێمە کە خەریکی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتی ئارگیومێنت بووین لە کارە فەلسەفییە کۆنەکان و لە نووسینی لێکۆڵەرە نوێیەکاندا، بۆمان دەرکەوت کە زۆرینەی شێوازەکان، هەمان ئەو شێوازانە بوون کە لە کتێبی ڕەوانبێژیی ئەرستۆدا هەیە. بەمر جۆرە تێگەیشتین کە ئەوکارەی ئێمە پێوەی خەریکین، تەواو لە کارەکانی ئەرستۆوە نزیکە" (بیرلمان و تیتیکا 2019، 14).

### 1.4.2- گواستنەوەی ئارگیومێنت لە لۆجیکەوە بۆ بوارەکانی تری زانست و ژیان.

لەئەنجامی ئەم خوێندنەوە نوێیەیاندا، ئەو دوو لێکۆڵەرە توانیویانە ئارگیومێنت Argument لە دنیای تایبەتی دواندەرییەوە بهێننە ناو ژیانی فرەڕەهەندی ئەمڕۆی مرۆڤ و ڕۆڵێکی هاوشێوەی سەلماندن- برهان -reasoning ی پێبدەن، "بەڵام لەجیاتی ئەوەی وەك سەلماندن ی ئەرستۆ لەسەر بنەمای قەناعەت پێهێنان دابیمەزرێنن، لەڕووی لۆجیکەوە لەسەر بنەمای قەناعەت هاتن یConviction دیموکراسی بنیاتیان ناوە" (الحمداوي 2020، 90). پێرلمان پێیوایە کە ڕەوانبێژی لە هەموو زانستە مرۆییەکاندا بوونی هەیە، لە فەلسەفە، دەروونزانی، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، یاسا، ئەدەب، ... تاد، نەک هەر بوونی هەیە، بەڵکو بناغەی پەسەندێتی و قبوولکردنی ئەو زانستانەشە. بۆیە دەڵێت: "ئێستا دەتوانین قسە لە ئیمپراتۆریەتی ڕەوانبێژی بکەین لە فەلسەفەو یاساو زانستەکانی تر دا، وەک زانای ڕەوانبێژیی ئەڵمانی، پرۆفیسۆر واڵتەر یینس W. Jensدەڵێت: ڕەوانبێژی شاژنی دێرین و نوێی هەموو زانستە مرۆییەکانە" (بیرلمان 1997، 8).

### 1.4.3- چەسپاندنی ئارگیومێنت وەك بنەمایەکی دواندەری:

ئەرستۆ هونەرەکانی دواندەری و شیعری لە لۆجیك جیاکردبوویەوە، چونکە ئەو هونەرانە، وەك لۆجیك لەسەر بنەمای پێشەکیی سەلمێنراوی بەڵگەنەویست دانەدەمەزران. کەچی پێرلمان و تیتیکا، هونەری دواندەری دەهێننە ناو سنووری لۆجیکەوە، بەڵام بە ڕوانینێکی نوێ بۆ لۆجیك، ئەوان لە بنەڕەتەوە لۆجیك دەکەنە دوو بەش: لۆجیکی پێوانەی سەلمێنەر برهانيreasoning - و لۆجیکی ئارگیومێنتی- حجاجي .-یەکەمیان پشت بە ڕاستییە بەڵگە نەویستەکان دەبەستێت و دووەمیان پشت بە گفتوگۆ و ڕەوانبێژی دەبەستێت. لۆجیکی سەلمێنەر ناتوانێت لە هەموو بوارێکی ژیاندا ڕۆڵ ببینێت، چونکە لە هەموو بوارەکاندا بەڵگەی یەکلاکەرەوە دەستناکەون. بۆنموونە: پێرلمان دەڵێت: "ناتوانین بە شێوازی سەلماندنی بیرکارییانە بیر لە ڕاستێتی بەهاکان بکەینەوە، چونکە دوو زانای بیرکاری کە هەمان میتۆد بۆ سەلماندنی بابەتێك بەکاردێنن، ئەنجامەکانیان پێچەوانە دەرناچێت. ئەگەر پێچەوانە دەرچوو، ئەوا یەکێکیان بەتەواوی هەڵەیکردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کاتێك دووکەس لەسەر بەهایەك دەمەتەقێیانە، هیچ کامیان ناتوانێت سەدا لەسەدا ڕاستێتیی بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێت" (بیرلمان 2020، 5). پێرلمان پێیوایە زۆربەی بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە لەو جۆرەن و بنچینەی سەلمێنەریان نییە و پێویستیان بە ئارگیومێنتە، بۆیە دەبێت بەدوای ئەو بەهایانەدا بگەڕێین کە گەردوونینە و سەرانسەری مرۆڤایەتی لەسەریان کۆکن، وەك: دادپەروەری و ئازادی، ئەو چەشنە بەها گەردوونییانە بکەینە بنچینەی ئارگیومێنت، بەها و بابەتی لاوەکیتریان پێ بسەلمێنین.

### 1.4.4- پوختکردنەوەی پێناسەی ئارگیومێنت:

پێرلمان و تیتیکا، ئارگیومێنتیان لەم بەرگە نوێیەدا ناولێناوە ڕەوانبێژیی نوێ. ئەو چەمکەش بەم شێوازە دەناسێنن: " ئارگیومێنت بریتییە لە توێژینەوە لەو تەکنیکانەی گوتار کە وا لەزەینی مرۆڤ دەکەن خۆی بەدەستەوەبدات و باوەڕ بەو شتانە بهێنێت کە بۆی باسدەکرێن، یان بەهێزتری بکات(PERELMAN and TYTECA 1971, 4)"

### 1.4.5ڕێکخستنەوەی تەکنیکەکانی ئارگیومێنت:

پێرلمان و تیتیکا، لەڕووی تەکنیکەوە دوو شێوازی ئارگیومێنت دەستنیشان دەکەن:شێوازی پێکەوەنانی چەمکەکان و شێوازی دابڕینی چەمکەکان. لە شێوازی پێکەوەنانی چەمکەکاندا، قسەکەر دوو بابەت بەیەکدەگەیەنێت و وەك پێشەکی و ئەنجام دەیانخاتەڕوو. بەڵام لە شێوازی دابڕیندا، بابەتێك باسدەکرێت، ئینجا قسەکەر ئەو بابەتە لەدوو ڕوانگەوە دەخاتەڕوو، بەمەش ڕوانگەیەکیان دەبێتە ئارگیومێنت بۆ بابەتەکە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارلەسەر تەکنیکەکانی دابڕین دەکەین.

### 1.5- ئارگیومێنت و شیعر:

فەیلەسووفە کۆنەکان، ڕوانینیان بۆ شیعر نەرێنی بووە. فارابی کە بە مامۆستای دووەمی فەلسەفە دادەنرێت لەدوای ئەرستۆ، لەهەمان کاتدا فەیلەسووفێکی قاڵبووەوەیە لە فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانیدا، لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: "شیعر بۆ ئەوە بەکاردێت مرۆڤێك بۆکارێك هان بدەیت، بەویستی خۆی، یان بە کەمەندکێشکردن، بیخەیتە ناو کارەکەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی: ئەو مرۆڤە، یان بیرکردنەوەیەکی باشی نییە ڕێنمویی بکات و لەوکارە دووریبخاتەوە، ئەوکاتە، ئەو خەیاڵەی شیعر پێی دەدات، شوێنی

بیركردنەوەكەی دەگرێتەوە. یان بیردەكاتەوە و نایەوێت بەدوای ئەو خەیاڵە بكەوێت، بەڵام شیعر بابەتە خەیاڵییەكە بەدرۆی ڕەونەقدار دەڕازێنێتەوە، تا وادەكات خەیاڵەكە پێش بیركردنەوەكەی بكەوێت". (الفارابي 1996، 25)
ئەمە پوختەی بۆچوونی فەلسەفەی كۆنە بەرانبەر بە شیعر، بۆیە لۆجیك و ئارگیومێنت لە شیعردا جێیان نەكراوەتەوە. لە سەردەمی ئێستاشدا، هەمان بۆچوون بەرانبەر شیعر زاڵە. بۆنموونە: د.عبدالله صولة بۆچوونێكی "O.REBOUL" دەهێنێتەوە و خۆیشی ئەو بۆچوونە پەسەند دەكات، دەڵێت: "شیعری گۆرانی و تراژیدیا و میلۆدراما و كۆمیدیا و ڕۆمان و چیرۆكی میللی و حیكایەتی سەیروسەمەرە، ئارگیومێنتیان تێدا نییە و لەپێناو قەناعەت پێهێنانی بەرانبەر نەنوسراون" (ع. صولة 2007، 40).
ئێمە پێمانوایە ئەم بۆچوونانە شێوەیەك لە پیرۆزییان وەرگرتووە وزۆر دووبارەكراونەتەوە. چونكە شیعر قسەیە و قسەش بەو ڕەهاییە لە ئارگیومێنتەوە دوور نییە. لەگەڵ ئەوەی لایەنگرانی ئەو بۆچوونە زۆرن و بە ڕەهەندی مێژوویەوە پشت ئەستوورن، بەڵام زانای تریش هەن پێچەوانەی ئەو بۆچوونە قسەیان كردووە. بۆنموونە، ئەرستۆ لەگەڵ ئەوەی پلەی دواندەری لە شیعر بەرزتر دادەنێت و شیعر بە دنیای لاسایی خەیاڵەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لەهەمان كاتدا ڕێگای نەداوە لاسایی شاعیر باوەڕپێنەكراو بێت. ئەوەتا لە پۆیەتیكا لە بەشی سەبارەت بە بابەتی شیعر دا، ئەرستۆ جەخت لەسەر توانای قایلكردن و باوەڕپێهێنانی خەڵك دەكاتەوە، دەڵێت: "بابەتێك ئەستەم بێت، بەڵام خەڵكی باوەر بە ڕوودانی بكەن، باشترە لە بابەتێك ڕێی تێبچێت، بەڵام خەڵكی باوەر بە ڕوودانی نەكەن" (ارسطوطاليس 1953، 70). هەروەها حازم القرطاجني[3] دەڵێت: " خەیاڵ بنەمای واتا شعرییەكانە و قایلكردنیش بنەمای واتا گوتارییەكانە بەكارهێنانی شێوازەكانی قەناعەت پێهێنان لە شیعردا ڕێپێدراوە، هەروەك بەكارهێنانی دەربڕینی خەیاڵئامێز لە وتاردا ڕێپێدراوە، دەتوانرێت هەردوو بنەمایەكە كەمێك لەجیاتی یەكتری بەكاربێن، چونكە مەبەستی سەرەكی لەهەردوو پیشەكەدا هەمان شتە، ئەویش بەكارهێنانی فێڵە قسەییەكانە تا بەهۆیانەوە قسەكان لەدڵی خەڵكیدا پەسەندبن و كاریگەری دروستبكەن."(القرطاجني 1986، 361)
بەڵام لەپاڵ ئەو بۆچوونانەدا، ئێمە دەڵێین: ڕاستە شیعر بابەتێكی لۆجیكی نییە، بەڵام كە لۆجیكی نییە مانای ئەوە نییە پێویستی بە ئارگیومێنت نییە. ئێمە دەزانین كە بابەتی لۆجیكی پێویستی بە سەلماندن هەیە، بەڵام بابەتە ئەخلاقی و مرۆییەكان، پێویستیان بە ئارگیومێنت هەیە بۆئەوەی خوێنەر قەناعەتیان پێ بكات. شیعریش بابەتێكی مرۆییە و هەڵگری بیری تایبەتی و هەستی مرۆڤە، بۆیە ناكرێت پەیامی شیعری هەوڵی قەناعەت پێهێنانی وەرگر نەدات. ڕاستە هێزی شیعر لە خەیاڵ و لاسایی دایە، بەڵام دەبێ خوێنەری شیعر قەناعەتی بێت كە ئەو خەیاڵە كاریگەرە. شاعیر وەك هەر قسەكەرێكی تر، ڕەچاوی دۆخی قسەكردن و ئاستی خوێنەران و چۆنییەتی سەرنجڕاكێشانیان دەكات. ئەگەر شیعرەكەیشی پەیامداربێت، ئەوا تەواوی توانا ئارگیومێنتییەكانی بەكاردێنێت بۆ بەهێزكردنی گوزارشت لە پەیامەكەی و باوەڕپێهێنانی جەماوەرەكەی. ئەوەندە هەیە كە پەیامی شیعر لەهەمان كاتدا مامەڵە لەگەڵ عەقڵ و سۆزی مرۆڤ دەكات، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرجار كاریگەریی سۆزی شیعری پێش كاریگەریی لێكدانەوە ئارگیومێنتییەكانی، كاری خۆی بكات. بەڵام كاتێك عەقڵیش لەپاڵ سۆز و ویژدان، دانی بە بابەتی شیعرەكە دانا، ئەوكات شیعرەكە زۆر كاریگەرتر و سەرنجڕاكێشتر دەبێت. ئەم كاریگەرییە ئارگیومێنتییەی شیعر، لە پراكتیكی تەكنیكەكانی دابڕیندا، بەڕوونی دەبینین.

**2- تەكنیكەكانی دابڕین - فصل:**

ئەم تەكنیكانە، پاشخانێكی فەلسەفییان هەیە. لە چەمكە فەلسەفییە ڕەهاكانەوە دەستپێدەكەن كە بۆ تێگەیشتنیان پێویستمان بە دابڕینیان هەیە لەو بیرۆكانەی كە پێیانەوە لكاون و لەدەربڕیندا مەبەست نین. پێرلمان و تیتیكا، چەمكی دابڕین لەو بابەتە فەلسەفییانەوە دەگوازنەوە بۆ بەكارهێنانی زمان لەهەموو بوارە جیاجیاكانی ژیانی ڕۆژانەدا. بۆ ڕوونكردنەوەی چەمكی دابڕین، دەبێت لە هەردوو چەمكی ڕواڵەت و ڕاستێتی تێبگەین، وەك لەم نموونەیەدا هەن: "گۆچانێك بەشێكی لەناوئاودا بێت، بە شكاویی دەیبینین، بەڵام كە دەستی لێدەدەین دەبینین گۆچانێكی ساغە"(PERELMAN and TYTECA 1971, 416). لەم نموونەیەدا، ڕواڵەتی گۆچانەكە شكاوییە، بەڵام ڕاستێتییەكەی ئەوەیە كە گۆچانێكی ساغە.لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە زۆر بابەت هەن ڕواڵەتو ڕاستێتییان وەك یەك نین. بۆیە، بۆ تێگەیشتن لە ڕاستێتی بابەتەكە، دەبێت لە ڕواڵەتەكەیدابیبڕین. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە ڕواڵەتی بابەتەكە، دەبێ بە ڕاستییەكەی بەراوردی بكەین. پێرلمان و تیتیكا، ئەم بیرۆكەیەیان بەشێوەی جووتۆكەیڕواڵەت/ ڕاستێتییان تێرمی1/ تێرمی2 وێناكردووە و پێیان وایە كە هەموو بابەتێك لەخودی خۆیدا هەڵگری ئەم دوو تێرمەیە، بۆیە ئەم دوو تێرمە بە بناغەی هەموو دابڕینەكانی ئارگیومێنت دادەنێن.

---

3() یەكێكە لە لۆجیك زان و ئەرستۆ ناسەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی،. ساڵی 684 كۆچی، وەفاتی كردووە.

پێرلمان و تیتیکا، ئەم تێرمانە وەك ڕەنگدانەوەی ڕواڵەت/ڕاستێتی دەخەنەڕوو:
زمان/ بیر، پاژەکی/ گشتی، نموونەیی/ ستاندارد، خودی/ بابەتی، دەرفەت/ هۆکار، ڕەفتار/کەس، تیۆری/ پراکتیکی، ڕووداو/ کرۆك، هەستەکی/ عەقڵی، قسەیی/ کرداری، هێما/ هێمابۆکراو.
پاشان نموونەی ڕەنگدانەوەی ڕواڵەت/ ڕاستێتی، لە بەرهەمی چەند فەیلەسوفێك بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکەن:
گفتوگۆی فایدرۆسی ئەفلاتون، ئەم کۆمەڵە تێرمەی تێدایە.
ڕواڵەت/ ڕاستێتی، بۆچوون/ زانست، ڕێژەیی/ پێوانەیی، جەستە/ گیان، گۆڕان/ جێگیری، فرەیی/ یەکتایی، مرۆیی/ خواوەندی
ئێتیکەکانی سپینۆزا، ئەم کۆمەڵە تێرمەی تێدایە:
زانیاریی کەموکوڕ/ زانیاریی تێروپڕ، داڵغەلێدان/ بیرکردنەوە، خەیاڵکردن/ تێگەیشتن، ڕێکەوت/ پێویست، خولیا/ کردار، کۆیلەیی/ ئازادی، ئەفسانە/ ئاین.
بیری مارکسی، ئەم تێرمانەی تێدایە:
پوختە/وردەکاری، میتافیزیك/ دیالێکتیك، پەتی/ بەرجەستە، شێوە/ ناوەرۆك، وەستان/جووڵە.(PERELMAN and TYTECA 1971, 421)
ئێمە ئەگەر بڕوانینە شیعری کلاسیکی کوردی، دەبینین بابەتێکی وەك وەسفی ئافرەت، قاڵبێکی دیاریکراوی وەرگرتووە و لای هەموو شاعیران هەمان شێواز دووبارە دەبێتەوە. ئەمە ڕاستییەکەی ئەوەیە: نموونەیەکی گشتێنراو لە شێوازی کلاسیکیدا هەیە بەرانبەر وەسفی ستانداردی ئافرەت ڕادەوەستێت. واتە: کاتێك شاعیر دەمی ئافرەت وەك نوقتە وەسف دەکات، ئەوا خوێنەر عەقڵی خۆی ڕادەستی ئەو نموونەیە ناکات، بەڵکو بیر لە دەمێکی ستانداردی جوان دەکاتەوە، ئینجا قەناعەتی بە جوانیی وێنە شیعرییەکە دێت. کەواتە خوێنەر لەو دۆخەدا، تەکنیکی دابڕین لەسەر بنەمای نموونەیی/ ستاندارد بەکاردێنێت.
پێرلمان، لە فۆرمی ئارگیومێنتیدا، ڕواڵەتبە پێشەکیی بچووك و ڕاستێتیبە پێشەکیی گەورە دادەنێت. ڕاستێتی، لەخۆوە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستی بە ڕواڵەت هەیە بۆئەوەی تێیدا دەربکەوێت. بەڵام هەندێجار ڕواڵەتەکە وەك پێویست نوێنەرایەتی ئەو ڕاستێتییە ناکات. "وەرگری پەیام ڕاستێتییەکان لەمیانەی ڕواڵەتەکانەوە دەبینێت. بۆئەوەی ڕواڵەتەکە بەهەڵەیدانەبات، پێویستی بەوە هەیە لە ڕاستێتییەکەی دابېڕێت و لەڕوانگەی ڕاستێتییەکەوە بۆی بڕوانێت. ئەمەش وادەکات هەمیشە ڕەهەندی دووەم کە ڕاستێتییە، ببێتە پێوەر بۆ ڕەهەندی یەکەم کە ڕواڵەتە" (ع. صولة 2011، 62).
پێرلمان و تیتیکا، ئەم دەربڕینانەی خوارەوە وەك ڕەنگدانەوەی ئارگیومێنتی دابڕین دیاریدەکەن کە تێگەیشتن لێیان پێویستی بە کرداری دابڕین هەیە، ئەم دەربڕینانەش دوو شێوازیان هەیە:

### 2.1- ئەو دەربڕینانەی لە شێوەی ئامراز، یان وەك دیارخەر، لەگەڵ وشەی مەبەستدا دێن.

وەك ئەم دەربڕینانەی خوارەوە: (PERELMAN and TYTECA 1971, 436-438)

#### 2.1.1-..... بەخەیاڵ[(4)]

نالی دەڵێت:

ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو و نە ئەمت بوو
(نالی 1391، 368)

ئەم دێرە، ئاماژەیە بۆ تێرمەکانی خەیاڵکردن/ تێگەیشتن، مرۆڤی لەخۆبایی وادەزانێت توانیوەتی بە کردەوەکانی دنیاو قیامەتی دەستبکەوێت. بۆئەوەی بیسەلمێنین کە ئەو مرۆڤە هیچی دەستنەکەوتووە و تەنیا خۆی خەڵەتاندووە، دەبێ بارودۆخی بیرکردنەوەی بۆ ڕواڵەت و ڕاستێتی جیابکەینەوە. ڕواڵەتەکەی ئەوەیە کە وادەزانێت خاوەنی دەستکەوتە لە دنیاو قیامەت، بەڵام ڕاستێتییەکەی ئەوەیە هیچیانی دەستنەکەوتووە، مردنیش دەرگای گەیشتن بەو ڕاستییەیە. ئارگیومێنتی ئەو لێکدانەوەیە، وشەی بەخەیاڵاتە، ئەگەر ئەو وشەیە لابەرین، واتای دێڕەکە بەم جۆرە ئاوەژوو دەبێتەوە:
ئەی جامیعی دونیا و قیامەت

[4]() وەك: نیشتمانی بەخەیاڵ ناتکاتە هاوڵاتی.

ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو و نە ئەمت بوو
هیچ ڕوویەکی قەناعەت پێهێنانی خوێنەریش نامێنێت کە لەبەرچی ئەو مرۆڤە دوای مردن بەوحاڵە گەیوە.

### 2.1.2- بەڕواڵەت .....[5]

دەستەواژەی بەرواڵەت، یان هەر دەستەواژەیەکی تر هاوواتای ئەو بێت، بەهەمان ئەرکی دابڕین هەڵدەستێت. بۆنموونە: قانیع دەستەواژەی بەرواڵەتی بەکارهێناوە. دەڵێت:

هەر کەسێک ئەمەی لەبەرچاو نەبێ
لە خزمەت دایکیا تەواو پیاو نەبێ
ئەوە پێی ناڵێن هەرگیز بەشەرە
بەڕواڵەت پیاوە، لە ناخا کەرە
(ڤەژینبوکس, سروەی بەربەیان 1965، 10341)

ئەم دێڕە ڕاستەوخۆ ڕواڵەت و ڕاستێتی لەیەکتری دابڕیوە، بەمەش توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێت کە لەبەرچی ناتوانرێت بەم چەشنە کەسە بگوترێت بەشەر.
کاکەی فەلاح دەستەواژەی بەشێوە ی بەکارهێناوە. دەڵێت:

ئەی مامۆستا و ئەی هاوڕێی وشەی گیانی بە گیانی
گەرچی بەشێوە و دیمەن ونی بەرچاوەکانی
(کاکەی فەلاح 2004، 198)

کاکەی فەلاح ئەم شیعرەی لە چلەی ماتەمی مامۆستا محەممەد مستەفا کوردی نووسیوە. لە دێڕەکەدا خوێنەر تیدەگات کە مەبەستی شاعیر ئەوەیە مامۆستای کۆچکردوو بە بەرهەم و هەڵوێست و یادەوەرییەکانی ون نییە و ئامادەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە شاعیر وای نەگوتووە، بەڵام وشەی بەشێوە، ئەو ئارگیومێنتە دەخاتە بەردەست و قەناعەت بە خوێنەر دەهێنێت.

### 2.1.3- بەڕاستی، ڕاستەقینە.

وەك: دەستەواژەبێباوەڕی ڕاستەقینە لای ماریتاین.[6]
لە زمانی کوردیدا، ئەم وشەیە بۆ وەسفی ناو و بۆ وەسفی کاریش بەکارهاتووە. لەهەردوو بارەکەشدا ئەرکی دابڕینی جێبەجێکردووە .لە نموونەی وەسفی ناودا، مەلا غەفور دەباغی دەڵێت:

دۆستی بەڕاستی کوا ئەم زەمانە
زۆرتری ڕەفیق بۆ نان و خوانە
(ڤەژینبووکس، دیاریی مەهاباد 1985، 10806)

ئەم دەربڕینە، ڕواڵەتی دۆستایەتی لە بەرژەوەندیخوازی دادەبڕێت. ئەگەر تەنیا بیگوتبا: دۆست کوا ئەم زەمانە، ئەوا خوێنەر باوەڕی بە قسەکەی نەدەهات. بەڵام وشەی بەڕاستی ئەو ئەرکە ئارگیومێنتییەی جێبەجێ کردووە.
لە نموونەی وەسفی کار دا،بێخود دەڵێت:

طوبلمن کە وا سەر و ماڵیبەڕاستی
شاباشی خاکی ئەو بەر و بووم و دیارە کرد(بێخود 1385، 33)

---

[5]() وەك: بەڕواڵەت زیندوو
[6]() ئەم نموونەیە و هاوشێوەکانی کە وەك خۆی نووسیومانەتەوە، هی پێرلمان و تیتیکان. نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دێڕە شیعرەکانن.

لەم دێڕەشدا، ئەو کەسانەی کە بە ڕواڵەت و ڕیابازی خۆیان وەك خۆشەویستی پێغەمبەر دەردەخەن، بێخود دایاندەبڕێت و جیایان دەکاتەوە لەوانەی کە بەڕاستی پابەندی ئاینن و قوربانی خاك و خۆڵی پێغەمبەرن درودی خوای لەسەر بێت. دووبارە وشەی بەڕاستی ئەو ئەرکە ئارگیومینتییەی جێبەجێکردووە.

**2.1.4 پووچەڵ**.

وەك: دەستەواژەیبێباوەڕی پووچەڵ لای ماریتاین.
زاری دەڵێت:

موسوڵمانیم وەک گوێزێگە پووچەڵ
بیروونی ساغ و ناوی پڕ لە دووکەڵ
لە ئیسلاما موسوڵمانی وەکوو من
گەلێ پایینترە نرخی لە پشکەڵ (زاری 2004، 276)

لەم دێڕەدا ئەگەر شاعیر بڵێت: موسوڵمانیم وەک گوێزێگە، دەرەوەی ساغ و ناوی پڕ لە دووکەڵە. ئەم لێکچواندنە باوەر بە خوێنەر ناهێنێت. چونکە گوێز لە دۆخی ئاساییدا بەم شێوەیە نییە. بەڵام وشەی پووچەڵ ئەو ئەرکە ئارگیومێنتییە جێبەجێدەکات و وێنەکە دەخاتە زەینی خوێنەرەوە، بەمەش باوەڕپێدەهێنێت.

**2.1.5- نیمچە.**

وەك: دەستەواژەی نیمچە فرەیی لای سارتەر.
دەستەواژەی نیمچە یان نیو، مەیلەو، توزێك، ... تاد، کە واتای لێکنزیکیان هەیە.
قانیع بای بەربەیان دەدوێنێت و دەڵێت:

سووراودەر لەڕووی، نازک نەوهاڵان
هەڵسێنەر لە خەو، نیمچە غەزاڵان
(ڤەژینبوکس، شاخی هەورامان 1954، 10471)

لەم دێڕەدا، ئەگەر شاعیر گوتبای: هەڵسێنەری غەزاڵان لە خەو، ئەوا وشەی غەزاڵ دەکەوتە بەر ئەگەری ئەوەی خوازەبێت یان دروست بێت، چونکە هیچ پەیوەستێکی زمانی لە دێڕەکەدا نییە ببێتە بەڵگە بۆ ئەگەری بوونی بە خوازە، بەڵام وشەی نیمچە ئەو ئەرکە ئارگیومێنتییەی بینیوە، چونکە ئەگەر وشەی غەزاڵ مەبەستی ئاژەڵی مامز بێت، ئەوا ناتوانێت بڵێت: نیمچە مامز، بەمەش خوێنەر دڵنیادەبێتەوە کە مەبەستی کچانی خەوتووە لەکاتی هەڵکردنی بای بەرەبەیاندا.
کوردی دەڵێت:

وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فەریادم نەما سادەی
ڕەفیقان نیوە سووتن، ئێوە نامەرد، عەرزە هاوارێ
(کوردی 2573، 53)

لەم دێڕەدا شاعیر بانگەشەی ئەوەدەکات کە ناتوانێت هاواربکات، چونکە سوتاوە. ئەرکی هاوارکردن دەخاتە ئەستۆی ڕەفیقانی، پێیوایە کە ئەوان ئەگەرچی سوتاون، بەڵام بەشی هاوارکردن گیانیان تێدا ماوە، بەڵگەی بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە ئەوەیە ڕەفیقەکانی نیوە سوتاون و وەك ئەو تەواو نەسوتاون. واتە: وشەی نیوە ئەرکە ئارگیومێنتییەکەی جێبەجێکردووە.
قانیع وشەی تۆزێ و جارجار ی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە. دەڵێت:

دەوڵەمەن تۆزێ لە خوا بترسێت
هەواڵی هەژار جارجار بپرسێت
(قانیع 1393، 493)

لەم دێڕەدا، شاعیر باسی هاوکاریی کۆمەڵایەتی دەکات. ترسی دەوڵەمەندان دەرەوێنێتەوە لەوەی کە هەژاران کوڵی تاهەتایی نین بەسەر شانیانەوە. دڵنیایان دەکاتەوە کە ئەرکیان بەرانبەر هەژاران سووکە. بەڵگەی بۆ باوەڕپێهێنانیان وشەی تۆزێ و جارجارە. ئەگەر گوتبای: دەوڵەمەند لەخوا بترسێت و هەواڵی هەژار بپرسێت، ئەوا ئەرکەکە بەو شێوە ڕەهاییە زۆر گران دەبوو، هیچ خوێنەرێکی دەوڵەمەند قەناعەتی نەدەهات و گوێی بۆ شل نەدەکرد.

### 2.1.6.پێشگری نا ...

وەك: دەستەواژەی فەلسەفەی نافەلسەفە لای هۆسرەل.

ویسالی دەستەواژەی نامەلا بەکاردێنێت بۆ ئەوکەسەی مەلایەو بەئەرکی خۆی هەڵناستێت، دەڵێت:

ماڵی عالەمیان وێران کرد هەر بە سێ کەس تۆ خودا
نەکبەتی کوردی فەقیرە ئەم سێیەش بووتە بەڵا
موختەسەر هەر سێ ئەکەن تاڵانی میللەت ئاشکرا
بێ کینایەت خۆشە نووسین، شێخ و ئاغا و نامەلا
دەستی کار و قاچی هەوڵ و چاوی تێکۆشینی گرت
(ویسالی 1962، 232)

لەم کۆپلەیەدا، شاعیر مەلای لە تاوانی شێخ و ئاغا دابڕیوە. بەڵام لە شانۆی تاوانکارییەکە دووری نەخستووەتەوە. واتە: پێمان دەڵێت کە مەلا ئامادەی تاوانەکانە وەك شێخ و ئاغا، بەڵام دواتر خوێنەر دڵنیادەکاتەوە کە مەبەستی مەلای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوکەسە دووڕووانەیە کە بەرگی مەلایەتی دەپۆشن و خەڵکی پێ دەخەڵەتێنن. بەمەش مەلای ڕاستەقینە لە مەلای ساختە جیادەکاتەوە، ئەو ئەرکە ئارگیومێنتییەی بە پێشگری نا جێبەجێکردووە.

### 2.2- ئەو تەکنیکانەی وەك وشەی زیادە دەرناکەون، بەڵکو لەناو خودی دەربڕینەکاندان. [7]

لە شیعردا، ئەم جۆرەی دابڕین بەدوو شێواز دەردەکەوێت کە پێرلمان جیای نەکردوونەتەوە. شێوازی یەکەم: ئەوەیە شاعیر خۆی باسی بابەتێك دەکات، هەرخۆی ڕواڵەت و ڕاستێتی بابەتەکە لێك دادەبڕیت، بەمەش ئەرکی لێکدانەوە لەسەر شانی خوێنەر لادەبات. بەڵام ئەم شێوەیان نموونەی کەمەو جۆرێکە لە دەربڕینی لۆجیکی لەلای شاعیرانەوە. بۆنموونە:

نالی دەڵێت:

هەرکەسێ ئیظهاری دانایی بکات و، مەقصەدی
خودپەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا
(نالی 1391، 101)

لەم دێڕەدا، نالی ڕەفتاری نواندنیدانایی بەپێی نیازی خاوەنەکەی دەکاتە دووبەشەوە، بەمەش خۆی ڕواڵەت و ڕاستێتیی ڕەفتارەکە ڕووندەکاتەوە و بۆ خوێنەری بەجێناهێڵێت.

شێوازی دووەم: ئەوەیە شاعیر باسی بابەتێك دەکات بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕواڵەت و ڕاستێتی بابەتەکە بکات، بەمەش ئەرکی گەیشتن بە ئارگیومێنتەکە دەخاتە سەرشانی خوێنەر. زۆربەی نموونەکانی خوارەوە، کە لە ڕوونکردنەوەی تەکنیکەکاندا هاتوون، لەم شێوازەن.

(7) پێرلمان و تیتیکا لەم شێوازانەدا چەند ڕێگایەك باسدەکەن، یەکێکیان (نووسینی وشە بە پیتی گەورە) یە. مەبەست لە پیتی گەورەی ڕێنووسی ئینگلیزییە. لە نووسینی کوردیدا ئەم تەکنیکە بەکارنایەت. بەڵام هەمان مەبەست بە گۆڕینی شێوەی فۆنت و ڕەنگی فۆنت و دابڕین لە وشەکانیتر بە نووسینی تەنها وشەیەك لە دێریکدا، جێبەجێدەکرێت.

**2.2.1- ڕاستكردنەوەی چەمكێك بە بەرانبەركردنی خۆی و پێچەوانەكەی.**

وەك: مرۆڤ دەبێ بخوات بۆئەوەی بژیت، نەك بژیت بۆئەوەی بخوات. (PERELMAN and TYTECA 1971, 428)
ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەكەی، تا نەكەی زیان
لە زڕەی زنجیر، دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان
(ئیبراهیم ئەحمەد 2018)

مردن چارەنووسی هەموو كەسێكە و ڕاستییەكە دڵی مرۆڤ دەلەرزێنێت. بەڵام لەم شیعرەدا ڕوانینێكی نوێ بۆ مردن دەبینرێت، ئەویش بە جیاكردنەوەی ڕواڵەتی مردن لە ڕاستێتییەكەی، دەبینین مردن ئەو كۆتاییە تاڵە نییە كە یاخەی مرۆڤ بگرێت،بەڵكو هۆكارێكە بۆ باشتركردنی ژیان. ئەوكاتەی مرۆڤ گیان لەسەردەست دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ژیانێكی شایستە، ئەوا ژیانی سەربەرزیی بەدەستدێنێت، مەرجیش نییە بمرێت. ئەگەر مردیش، ئەوا مردنەكەی شیرینە، چونكە لەپێناو ژیانە. بەم گۆشەنیگا نوێیە، خوێنەر باوەڕی دێت كە مردن لەڕێی دەستەبەركردنی ژیانێكی سەربەرزانە، مایەی ترس و پەژارە نییە، بەڵكو مایەی بەختەوەری و شانازییە. بەڵام ئەركی گەیشتن بەو ئارگیومێنتە، لەسەر خوێنەرە و دەبێت خۆی دابڕینی نێوان ڕواڵەت و ڕاستێتیی مردن ڕوون بكاتەوە. ئەوەش بە هەموو خوێنەرێك دەكرێت، چونكە شاعیر بە بەرانبەركردنی چەمكەكانی مردن و ژیان، هەنگاوی یەكەمی لەگەڵدا ناوە.

**2.2.2- ڕستەی بەرهەڵستكار.**

وەك ئەم ڕستەیە: ئایدیالیزم ئارگیومێنت وەك لەناوبەر - ئەگەر بتوانین ئەو ناوەی لێبنێین- دەبینێت، نەك وەك پرۆسەی گەیشتن بە زانیاری. (PERELMAN and TYTECA 1971, 438)
مەحوی دەڵێت:

بە دوو بەیتێ غەم و دەردی دڵ ئەگەر بێنمە عەرز
كەسی وا عەرزی كرێ خۆ نیە، مەحرەمێ بووە قات
(مەحوی 1381، 96)

مەحوی لەم دێڕەدا دووجار ڕستەی بەرهەڵستكاری وەك ئارگیومێنت بەكارهێناوە بۆ سەلماندنی نەبوونی مەحرەمێك بۆ ڕازەكانی لەو سەردەمدا. جاری یەكەم دەڵێت: ئەگەر بێنمە عەرز، جاری دووەم دەڵێ: كەسی وا عەرزی كرێ خۆ نیە. بەمەشخوێنەر بۆی دەسەلمێت كەشاعیر بەڕاستی ناتوانێت دەردە دڵ لای كەس بكات، چونكە كەسی نهێنی پارێزی دەستناكەوێت.
شێخ ڕەزا دەڵێت:

بەینی بەینەڵا عوبەیدی فیلەتەن كارێكی كرد
هیچ كەسێک نایكا مەگەر حەیدەر بە زەربی زولفەقار
(شێخ ڕەزا 2010، 64)

لەم دێڕەدا، شێخ ڕەزا باسی پاڵەوانێتیی عوبەید ناوێك دەكات كە كەس وەك ئەو سوارچاك نەبووە. ئەم قسەیەی بە ئارگیومێنتی ڕستەی بەرهەڵستكار دەسەلمێنێت. بەهۆی ئامرازی مەگەرەوە،عوبەید بەرانبەر حەیدەر – ئیمامی عەلی-دەوەستێنێت لە ئازایەتیدا، ئینجا گومان دەخاتە مەسەلەكەوە كە مەرج نییە ئیمامی عەلیش بتوانێت هەمان كار بكات. بەهۆی ئەو ڕستە بەرهەڵستكارەوە، خوێنەر بۆی دەسەلمێت كە عوبەید هاوتای پاڵەوانێتیی ئیمامی عەلییە و ڕەنگە زیاتریش بێت

**2.2.3- دانانی وشه لەناو جووت كەوانەی بچووكدا.**

وەك: ئەو پارادۆكسەی ئایدیالیزمی مۆدێرن بەرەو رووی دەڕوات، دادوەرێكە لەسەر قورسایی "ڕەخنەكانی".( PERELMAN and TYTECA 1971, 438)

گۆران دەڵێت:

منـــی "كـــچ" مـــامزی بەنـــدیخانەی ژیـــن:
ســـــــــــــــــزای تـــــــــــــــــاوانم،
بە دەســـتی بـــاوكی خـــۆم چـــووم بە ســـەربڕین!
پرچی پەخشانم،
تـــلا لە خـــوێنەوە و كەوتە ســـەر چـــاوم،
ئیـــــــــــــــتر نەمبینـــــــــــــــی:
لە جەرگـــــی بـــــاوكما ســـــەری بـــــڕاوم
چۆن بوو برینی؟
(گۆران، 1980، 210)

**2.2.4- دووجار بەكارهێنانی هەمان وشه بەدوو واتای جیاواز.**

وەك:"پاشایەك لەمر دۆخەدابێت، ئیتر پاشا نییە.

كار كارە.

یەك پەنس[8] یەك پەنس نییە.

بۆتێگەیشتن لەو جۆرە دەربڕینانە، ئەو وشە دووبارەیە لەیەك دادەبڕین، وەك ئەوەی دوو وشەی جیاواز بن. ( PERELMAN and TYTECA 1971, 443)

لە تەكنیكەكانی بەیەك گەیاندندا، باسی ئەم شێوازە كرا، ڕاستییەكەی لەڕووی فۆرمەوە هەمان تەكنیكە لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام جیاوازییەكەی لە گۆشەنیگای خوێنەردایە، واتە خوێنەر بڕیاردەدات كە ئەو دوو وشە دووبارەیە دوو جەمسەری ئارگیومێنتەكەن و دەبێت بەیەك بگەیەنرێن تا دووەمیان ببێتە پێناسەی یەكەمر، یان دەبێت لەیەكتری دابڕێن بۆئەوەی دووەمیان بەهۆی واتا خوازەییەكەیەوە ببێتە ڕوونكەرەوەی یەكەمر. بۆنموونە:

مەلا غەفور دەباغی دەڵێت:

كوڕ كوڕ بێ چاوی لە میرات نییە
كوڕێ كوڕ نەبێ ماڵی بۆ چییە
(ڤەژینبووكس، دیاریی مەهاباد 1985، 10808)

لە هەریەك لە نیوەدێڕەكانی ئەم دێڕە شیعرەدا، شاعیر دووجار وشەی كوڕ ی هێناوە، بەكارهێنانی جاری دووەمی وشەكە وەك پێناسە وایە بۆ وشەی یەكەمر. واتە كردارەكە دابڕینی ڕواڵەتی وشەی كوڕ ە لە ڕاستێتیی چەمكی كوڕ كە هەڵگری واتای جوامێری و هەستكردن بە بەرپرسێتییە، ئەمر دابڕینە، واتا باركراوەكانی وشەی كوڕ دەخاتە زەینی خوێنەرەوە. سەرنجدان بەمەش خوێنەر باوەڕ بە بۆچوونەكە دەهێنێت. بەڵام ئەگەر گوتبای: كوڕ چاوی لە میرات نییە، ئەو كات خوێنەر بۆی نەدەسەلما كە ڕاستیی ئەمر بانگەشەیە لەكوێدایە.

زۆرجار هەمان وشە بە دوو واتا لەسنووری هونەری ڕەگەزدۆزی بەكاردێت. بۆنموونە:

ناری دەڵێت:

سەفـــەر مەولامـــە تا ماوم لەمـــــەولا
كە كەوش و گۆرەوی و تۆزی بەپێ دا
(ناری 1383، 37)

---

(8) Pence وردەی پاوەندی بەریتانییە.

وشەی مەولا کە لە دێرەکەدا تۆخکراوە، واتای هاوڕێ دەگەیەنێت. واتە: من لەمـەولا هـاوڕێی سـەفەرم. وەك ڕەگـەزدۆزیی ناتـەواو بەکارهاتووە. مەبەست لەم چەشنە دووبارەکردنەوەیە، جوانکاری و سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە. بۆیە ناتوانین بڵێین وەك ئارگیومێنـت بۆ سەلماندنی بابەتێك بەکارهاتووە. بەڵام هەندێجار لە هونەری ڕەگەزدۆزیی تـەواودا، یـەکێك لـە واتاکـان وەك خـوازە بـەکاردێت. ئەوکات بەهۆی خوازەکەوە هێزی ئارگیومێنتیی دەربڕینەکە بەرچاوتر دەبێت. وەك نالی دەڵێت:

دنیا کە گوڵ گوڵی بووە، قوربان، ئەتۆش وەرە ..
طالیب بە گوڵ بە، قەیدی چییە گوڵ گوڵی بویێ !
(نالی 1391، 699)

لە نیوەدێڕی دووەمداوشەی گوڵ کە تۆخکراوە، خواستنی ئاشکرایە. واتە:شاعیر ڕاستەوخۆ یار ی کردووە بـە گـوڵ. بەمـەش خوێنـەر بواری ئەو ڕاراییەینامێنێت کە لە لێکچواندن و بەرانبەرکردندا هەیە و باوەڕ بەوە دەهێنێت کە یاری شاعیر لە جوانی و ناسکیدا وەك گوڵە.

لەم دێڕەدا، گۆران وشەی "کچ" ی بەهۆی جووت کەوانەی بچووکەوە،لە ڕواڵەتی وشەکەوە گواستووەتەوە بۆ ڕاستێتیی ئەو وشـەیە کە بە کۆمەڵێك چەمکی کۆمەڵایەتییەوە بارگاوی بووە. واتە چەمکـەکانی وەك: عەیبـە و شـەرەف و نـامووس و حـەیاچوون و ... تـاد، هەمووی دەخاتە بەر زەینی خوێنەرەوە. بەمەش خوێنـەر بـاوەڕ بـە وێنەکـە دەکـات و هەسـتیش بـەوەدەکات کـە لەبـەرچی باوکێـك دەتوانێت تاوانێکی لەوچەشـنە بـەو ئاسـانییە ئـەنجام بـدات. بـوونی وشـەی کـچ، لـەناو جـووت کەوانـەدا، جەخـت لەڕەگەزی مێ دەکاتەوە . ئەوبوونەوەرە ناسکە، شاعیر بەمامزی چواندووە، بەڵام پێچەوانەی مامزە؛ مامز ئاژەڵێکی ئازادە، کەچی پێچەوانەی کـچە کە لەبەندیخانەی ژیندا دەژییێت.

### 2.2.5- ناساندنی وشەیەك بە خستنەڕووی واتا جیاجیاکانی.

بۆنموونە:**Panisse** دەڵێت: لاریم نییە لە مردن، بەڵام دڵگران دەبم بە دووركەوتنەوە لەژیان.

نالی دەڵێت:

کە خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە، تۆزی بەربادی
کە ئاوی، ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە، بڵقی سەرئاوی
(نالی 1391، 683)

لەم دێرەدا، نالی بەهۆی خستنەڕووی واتا جیاجیاکانەوە، چەمکی خاك و ئاو لە ڕواڵەتەکانیان دادەبڕێت و ڕاستێتییان بەشـێوەیەکی تر دەخاتەڕوو. خاك دەبێتە تۆزی بەر با، ئاویش لەڕۆیشتنی بەناو چەم و ڕوباردا، دەبێتە کـەف و بڵـق. بـەڵام خـاك دۆخێکـی تـری بەنرخی هەیە، ئەویش خاکیـبەرپێی یـارە، هـەروەها ئـاویش دۆخێکـی بـەنرخی هەیـە، ئـەویش ئـاوی گەوهـەرە. بـەم خسـتنەڕووە جیاوازانەوە، خوێنەر بۆیدەسەلمێت کە خاکبوون و ئـاوبوون شـتێکی خـراپ نییـە ئەگـەر لەڕوانگـەی ئـەو دابڕینـە بێـت کـە شـاعیر کردوویەتی. نالی لەم دێڕەدا خۆی کرداری دابڕینەکەی ئەنجامداوە و ڕووی ئارگیومێنتیی دابڕینەکەشی خستووەتەڕوو.

### 2.2.6نەگونجان لە دانەپاڵی هاوەڵناو یان کار دا.

وەك: دەستخستنی نەفامی، مەینەتیی شادیهێن، خۆشبەختیی تاڵ، بیرکردنەوە لەوەی بەزەین وێنا ناکرێت..... تـاد.( PERELMAN and TYTECA 1971, 443). ئارگیومێنتی ئەو چەشـنە دەربڕینـە لەوەدایـە کـە هەوڵـدەدات چـەمکێکی نـوێ بخاتـە بەردەسـتی خوێنـەر و گۆشەنیگایەکی تر بۆ بابەتەکان بخاتەڕوو. چونکە هەریەك لە دەربڕینـەکانی سـەرەوە لەڕواڵـەتدا نـەگونجاون، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا بەشێکن لە ژیانی خەڵك. چونکە زۆرکەس هەیە هەوڵدەدات و کۆششدەکات بۆ دەستخستنی نەفامی، هەروەها زۆر مەینـەتی هـەن لە بارودۆخێکی دیاریکراودا شادیهێنن. هەموو ئەمانە بە گۆشەنیگای مرۆڤەکانەوە بەندن.

گۆران دەڵێت:

كوردستان! ئەگەرچی دووره دنیای تۆ،
دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیای تۆ؛
دووری لە شارستان، لە ژینی تازە،
لە شەوی ڕووناك و پڕ لە ئاوازە،
(گۆران 1980، 190)

دیارە كە شەوی سروشتیتاریكە. شەوەكانی كوردستانیش لەوچەشنەن. بەڵام دەربڕینی شەوی ڕووناك، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەكێشێت كە شەوانێك لە دنیادا هەن، كوردستان نییەتی. واتە وشەی شەو لە زەینی خوێنەردا، لە ڕواڵەتی تاریكییەكەی دادەبڕێت و وێنای ڕووناكی لەشەودا جێی دەگرێتەوە. بەمەش دەربڕینەكە دەبێتە ئارگیۆمێنت بۆ سەلماندنی بێبەشیی كوردستان لە جوانییە مرۆڤكردەكانی دنیا.

**2.2.7- نەگونجانی گشتی لە واتای دەربڕینێكدا.**

وەك پێناسەی شاعیر لەلایەن Orpheus ەوە: شاعیر ئەوەیە كە بنووسێت بێ ئەوەی نووسەربێت. (PERELMAN and TYTECA 1971, 443)

بۆنموونە: سامی عەوداڵ دەڵێت:

تاعەت كردن بە پیری گورگی چوار پەل شكاوی
جاری مەیلی حەق نەكەی هەتا گەنج و جەوانی
(ڤەژینبووكس، دیوانی سامی عەوداڵ 2010، 2996)

لەم دێڕەدا، شاعیر نەگونجانێك دەخاتەڕوو لەنێوان دۆخی كەسێك كە بەپیری خواپەرستی دەكات لەگەڵ دۆخی هەمان كەس كە بەلاوی خراپەكار بووە. بەمەش خوێنەر ڕواڵەتی خواپەرستی و ڕاستێتیی خواپەرستیی لەلا جیادەبێتەوە. بۆی دەسەلمێت كە خواپەرستی ڕاستەقینە ئەوەیە لە هەموو تەمەنیدا بەندەی خوا بێت

**2.2.8- ڕاستكردنەوەی هەر بابەتێك كە ڕواڵەتەكەی وەك ڕاستێتییەكەی نییە.**

بۆنموونە، سوكرات دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی سپارتەییەكان لە جەنگی Thermopylae تێكشكان، بەڵام ئەوان جەنگەكەیان نەدۆڕاند، چونكە كەسیان ڕایاننەكرد.(PERELMAN and TYTECA 1971, 446)

بێكەس دەڵێت:

خەڵقە، نەمزانی زۆر پەشیمانم
هەجوی تیاترۆم كرد، لاڵ بێ زمانم
........
خولاسە تیاترۆ كە سەفەری كرد
ئەم شارە بەخوا زۆر زەرەری كرد
........
گەر تیاترۆ بێ ئەحواڵ ناگۆڕێ
پارە بەیاری هێندە نادۆڕێ
........
میسالێكە زۆر ناباب و فەسیح
وتراوە دەفعی ئەقبەح بە قەبیح!...
(بێكەس 2004، 57)

لەم شیعرەدا، بێکەس ڕاستێتیی شانۆگەری لە ڕواڵەتەکەی دادەبڕێت. ئەو لە شیعرێکی تردا باسی زیانەکانی ئەو هونەرەی کردبوو کە لەڕواڵەتدا دەردەکەون، بەڵام لەم شیعرەدا ئەو مەسەلەیە ڕاستدەکاتەوە دانی پێدا دەنێت کە شانۆگەری شتێکی باشە، هیچ نەبێ خەڵکی لە قومار و پارەدۆڕاندن دووردەخاتەوە. بەمەش خوێنەر ڕووە باشەکەی ئەم هونەرەی بۆ دەردەکەوێت و دەیسەلمێنێت کە شتێکی چاکە.

**2.2.9- ئەو پێناسانەی کە پاشخانی بابەتەکان دەخەنەڕوو، یان ژێرخان بەسەر ڕواڵەتدا زەق دەکەنەوە.**

وەك Lecomte du Nouy لە پێناسەی ژیاردا دەڵێت: لە پێناسە چەسپاوەکەیدا، ژیار بریتییە لە بارودۆخی مۆراڵ و جوانی و ماددیی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا. بەڵام لە پێناسەی دینامیکیدا، ژیار بریتییە لە دەرەنجامی ململانێی یادگەی مێژوویی و بەردەوامی پەرەسەندنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو بیرۆکە ئەخلاقی و ڕۆحییانەی کە دەخوازن ئەو یادگەیە لەبیربکرێت.[(9)] لەو نموونەیەدا، نووسەر پێناسەی دینامیکی بە بناغە دادەنێت و پێناسەی چەسپاوی ناو خەڵك بە ڕواڵەت دادەنێت". (PERELMAN and TYTECA 1971, 446)

موخلیس دەڵێت:

بێ جینایەت جانی من جانم دەبا
کاری وا هەرکاری یاری جانیە
(شوان، 2010، 234)

لەم دێرەدا، شاعیر دوو بۆچوون دەخاتەڕوو، لەیەکەمدا دەڵێت یاری من دڵم دەبات بەڵام کارەکەی تاوان نییە. لە بۆچوونی دووەمدا دەڵێ: یارم تاوانبارە چونکە کاری دڵ بردنە.

حەریق دەڵێت:

مەڕوانە بە زاهیر کە بەبێ قووتم و ڕووتم
ڕووقووتی خەیاڵت غەزەلی چاکە لەبەرما
(حەریق 2011، 23)

لەم دێڕەدا، شاعیر دوو دۆخی خۆی باسدەکات. یەکەمیان ڕووت و قووتی و هەژارییە، دووەمیان پۆشتەیی خۆیەتی بەهۆی غەزەلەکانی. واتە: دەڵێت هەرچەندە من هەژار و ڕووت و قووت دەردەکەوم، بەڵام غەزەلەکانم کە زادەی خەیاڵمن لە جوانیی تۆ، چاکترین بەرگن لەبەرمدا. هەڵبەتە وشەی لەبەرما، مانا ڕاستەقینەکەی ئەزبەرکردنە، چونکە غەزەلەکانی لەئەزبەر کردووە، بەڵام بە واتای خوازەیی، غەزەل دەکاتە کوتاڵ، چونکە هەردووکیان لە چنینەوە هاتوون، ئینجا کوتاڵەکەش دەکاتە پۆشاکی خوازەیی بەهۆی وشەی لەبەرما. مەبەستی ئەوەیە: ئەو غەزەلانەی کە لە خەیاڵی خۆمدا لەبارەی جوانیی تۆوە چنیومن و لەئەزبەرم کردوون، وەك کوتاڵی چاك وایە کە خۆم چنیبێتم و کردبێتمە پۆشاك و لەبەرمکردبێت. بۆیە من لات و ڕووت وقووت نیم، بەڵکو بەجوانترین شێوە پۆشراوم.

**2.2.10- گومان کردن لە ڕاستیی مەسەلەیەك:**

ئەم شێوازە لای پێرلمان و تیتیکا، بەروونی باسی نەکراوە، بەڵام لە سیاقی قسەکاندا زیاتر لە جارێك دەرکەوتووە. مەبەستی شێوازەکە ئەوەیە: بابەتێك کە بەلای خەڵکەوە بە جۆرێك زانراوە، قسەکەر دێت بەگومانەوە باسیدەکات، بەمەش ڕواڵەت و ڕاستێتیی بابەتەکە لەیەك دادەبڕێت. ئەمیش بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەك: گومان دەکەم، پێم وایە، ... تاد. بۆنموونە:

وەفایی دەستەواژەی گۆیا بەکاردێنێت و دەڵێت:

---

[(9)] مەبەستی پێناسەکە ئەوەیە: دۆخی مۆراڵ و ڕۆحیی پێشکەوتووی مرۆڤ لەڕێی بەراوردی ئەمڕۆی بە سەردەمە سەرەتاییەکانەوە دەزانرێت. دۆخی گەشەسەندووی ئێستای دەیەوێت مرۆڤ ئەو ڕابردووە لەبیربکات، مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤیش بەرەنگاری ئەو لەبیرچوونەوەیە دەبێتەوە. ژیار بریتییە لە دەرەنجامی ئەو ململانێیە. چونکە بەبێ ئەو ململانێیە، نازانرێت گەشەسەندنی ئەمڕۆی مرۆڤ لە چ ئاستێکدایە.

زولفت کە لەسەر عاریزی تۆ خۆش حەرەکاتن
گۆیا سەحەری عید و شەوی قەدر و بەراتن
دایم دەگەڕێن تەشنەیی خوێنی شوهەداتن
دوو سەف لە فەڕەنگی لە تەرەف ڕۆمەوە هاتن
بردیان بە ئەسیری دڵەکەی زار و حەزینم
(وەفایی 1389، 357)

لەم پێنجینەدا، شاعیر باسی زوڵفی یار دەکات بەو شێوەیەی کە خەڵك تێی گەیشتووە، ئەویش ئەوەیە: زوڵفی یار مایەی خۆشبەختی و بەرەکەت و فەڕ بێت بۆ عاشقەکەی. بەڵام بەهۆی وشەی گۆیا وە، گومان دەخاتە سەر ئەم مەبەستەوە. ئینجا مەبەستی ڕاستەقینە بەبۆچوونی خۆی باسدەکات و دەڵێت: ئەم دوو زوڵفە دوو پۆلی سەربازی فەڕەنگین، هاتن و دڵی منیان بە دیلی برد. بەمەش ڕواڵەتی زوڵف لە ڕاستێتییەکەی دادەبڕێت.

دوای خستنەڕووی تەکنیکەکانی دابڕین، پێرلمان و تیتیکا دەڵێن: "زۆربەی دەربڕینەکانی قسەکردن، کە تێرمی یەکەمن، هەڵە و ڕای کەسی و خورافەت و پیرۆزکردن و خەیاڵکردن، ئامانجیان خستنەڕووی وێنەیەکی هەڵەیە. بەڵام ڕاستیی بابەتەکان، کە تێرمی دووەمە،دەرناکەوێت. دەبێ لە تێرمی یەکەمەوە بخوێنرێتەوە، بۆیە تێرمی دووەم هەمیشە مەترسیی ونبوونی لەسەرە ... تێرمی یەکەم، بەشێکی بچووکی ڕاستییە، دەیەوێت خۆی وەك هەموو ڕاستییەکە نیشان بدات" (PERELMAN and TYTECA 1971, 438). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆربەی بابەتەکانی قسەکردن و نووسین، بەتایبەتی شیعر، پێویستیان بە ئارگیومێنتی دابڕین هەیە بۆئەوەی بە تەواوی لێیان تێبگەین. خوێنەریش زۆرجار بێئەوەی ئاگاداربێت، ئەو تەکنیکانەی دابڕین لە تێگەیشتندا بەکاردێنێت.

### 3.ئەنجامەکان:

1- شیعر بابەتێکی لۆجیکی نییە، بەڵام وەك هەموو بابەتە قسەییەکان، بۆ قەناعەت پێهێنانی وەرگر، سوود لە ئارگیومێنت وەردەگرێت.
2- ئەم خاڵە لەسەر پێشنیازی هەڵسەنگێنەری بەڕێز، لا ببرێت.
3- شیعر لەپاڵ کاریگەریی لەسەر دەروون و سۆزی مرۆڤ، هەوڵی باوەڕپێهێنانی عەقڵی مرۆڤیش دەدات. لەوپێناوەشدا پەنا دەباتە بەر ئارگیومێنت.
4- وەك ئەوەی شاعیر ئارگیومێنتەکانی ڕێکدەخات، خوێنەریش ڕۆڵی هەیە لە چۆنییەتیی وەرگرتنی ئەو ئارگیومێنتانە و تێگەیشتنیان. تەکنیکەکانی دابڕین، ئەو ئامرازانەن کە لەو بوارەدا یارمەتی خوێنەر دەدەن.
5- شیعری کوردی، لەپاڵ بەها ئیستاتیکییەکانی، بە هێزی ئارگیومێنتیش بارگاوییە. بۆیە لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەر سۆز و عەقڵی خوێنەر هەیە.

### سەرچاوەکان:

#### سەرچاوەی کوردی:

- شوان. ابراهیم ئەحمەد(د.). 2010. لێکدانەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس. هەولێر: ئەکادیمیای کوردستان.
- شێخ ڕەزا. شێخ عەبدولرەحمان. 2010. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. تحریر شوكور مستەفا. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- دزەیی. عبدالواحد مشیر(د.). 2015. پراگماتیك و ڕەوانبێژی. سلێمانی: ناوەندی ئاوێر.
- گۆران. عەبدوڵڵا. 1980. دیوانی گۆران. المجلد 1. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق.
- بێکەس. فایەق. 2004. دیوانیبێکەس. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- قانیع. محەممەد کوڕی شێخ عەبدولقادر. 1954. شاخیهەورامان. ڤەژینبوکس، ڕێکەوتی سەردان: 6 25, 2022. https://books.vejin.net/ck/text/10471.
- . 1965. ----سروەیبەربەیان. ڤەژینبوکس . ڕێکەوتی سەردان: 6 25, 2022. https://books.vejin.net/ck/text/10341.
- . 1393. ----دیوانی قانیع. چ:8. تحریر بورهان قانیع. تهران: کتابخانە ملی ایران.
- ویساڵی. محەممەد شێخ ئەحمەد مەردۆخی، 1962. دیوانیویساڵی. بغداد: دطبعة دار الجاحظ للطباعة و النشر .
- کاکەی فەلاح. محەممەد محەممەدەمین 2004. دیوانی کاکەی فەلاح. سلێمانی: ؟

- کوردی. مصطفا بەگی صاحیب قران، 2573. دیوانیکوردی. چ2. هەولێر: چاپخانەی کوردستان.
- نالی. مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی. 1391. دیوانینالی. چ 8. تحریر مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. سنە: انتشارات کردستان.
- حەریق. مەلا ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵڵای زێوەیی، 2011. دیوانیحەریق. تحریر نەوزاد کەلهوڕ. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
- زاری. مەلا عەبدولکەریم صائیب، 2004. دیوانیزاری. سەقز: کتێبفرۆشی محەمەدی.
- مەلا غەفوور دەباغی. 1985. دیارییمەهاباد. ڤەژینبووکس، ڕێکەوتی سەردان: 11. 6, 2022. https://books.vejin.net/ck/text/10809
- ناری. مەلا کاکەحەمەی بێلوو، 1383. دیوانیناری. تحریر کاکەی فەلاح. سنندج: انتشارات کردستان.
- بێخود. مەلا مەحمودی موفتی، 1385. دیوانیبێخود. تحریر موحەممەدی مەلا عەبدولکەریم. سنندج: انتشارات کردستان.
- مەحوی. مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی بەڵخی، 1381. دیوانیمەحوی. تحریر مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلاکەریم. سنندج: انتشارات کردستان.
- وەفایی. میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخی، 1389. دیوانیوەفایی. تحریر موحەممەد سەعید نەجاڕی. سنندج: انتشارات کردستان.
- سامی عەوداڵ. مەلاحوسێنی کوڕی بابەڕەسول 2010. ڤەژینبووکس، دیوانیسامیعەوداڵ. تحریر د.کەمال مەعروف. https://books.vejin.net/ck/text/2996
- ئیبراهیم ئەحمەد. 2018. تێکستیگۆرانی. شیرینبەهارە. ڕێکەوتی ئەپلۆد: 24/09/2018. ڕێکەوتی سەردان: 25 6, 2022. http://textigorani.com/


**سەرچاوەی عەرەبی:**


- القرطاجني. ابي الحسن حازم. 1986. منهاج البلغاء و سراج الادباء. 3. تحرير محمد الحبيب بن الخوجة. بيروت: دار الغرب الاسلامي.
- الفارابي. أبي نصر. 1996. إحصاءالعلوم. تحرير الدكتور علي بوملحم. بيروت: دار و مكتبة الهلال.
- ارسطو. 1980. منطقارسطو. تحرير الدكتور عبدالرحمن بدوي. بيروت: دار القلم.
- ارسطوطاليس. 1953. فنالشعر. ترجمة عبدالرحمان بدوي. القاهرة: مكتبة النهظة المصرية.
- گلنبوي. اسماعيل افندي. 1310ك. برهانگلنبوي. تحرير السيد حافظ محمد امين و السيد حافظ محمد اسعد افندي. استانبول: مطبعەء عثمانيه.
- الحمداوي. جميل(د.). 2020. انواع الحجاج و مقوماته من حجاج ارسطو الى حجاج البلاغة الجديدة. المملكة المغربية-تطوان: مطبعة Rive.
- الكاتي. حسام الدين حسن. 2015. شرح كتاب إيساغوجي في علم المنطق. تحرير الدكتور سعيد عبداللطيف فودة. بيروت: دار الذخائر.
- شاييم بيرلمان. 1997. "إمبراطورية فلسفة البلاغة." تأليفL'empreRhetorique et Argumentation، ترجمة أنوار طاهر، 169-178. France: LibrairiePhilosophique J. Varin.
- ---، . 2020 كيف نناقش حول القيم ونسوغ لها؟ ترجمة أنوار طاهر. مركز افكار للدراسات والابحاث.
- شاييم بيرلمان، و لوسى أولبريخت تيتيكا. 2019. "بيان من اجل ابستمولوجيا البلاغة الجديدة. ترجمة: أنوار طاهر." الكلمة (146). تاريخ الوصول 28 05, 2022 .. http://www.alkalimah.net/Articles/Read/20527
- فضل، صلاح(د.). 1992. بلاغة الخطاب و علم النص. كويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب.
- صولة، عبدالله. 2007. الحجاج في القران الكريم من خلال اهم خصائصه الاسلوبية. ط2. بيروت: دار الفارابي.
- ---، . 2011 في نظرية الحجاج دراسات و تطبيقات. تونس: مسكيلياني للنشر.
- الجرجاني، علي بن محمد. 2004. معجمالتعريفات. تحرير محمد صديق المنشاوي. القاهرة: دار الفضيلة.
- بوقرة، نعمان عبدالحميد(أ.د.). 2015. الخطاب و النظرية والاجراء. الرياض: دار جامعة الملك سعود للنشر.


**سەرچاوەی ئینگلیزی:**


- Aristotle. 1908. Works of Aristotle. Translated by J.A.Smith, Mure and Others W.D.Ross. Oxford: The Clarendon Press
- Glare, P. G. W. 1968. Oxford Latin Dictionary. Vol. 1. United Kingdom: Oxford University Press.
- PERELMAN, CH., and OLBRECHTS TYTECA. 1971. The New RetoricA Treatise on Argumentation. Second. Translated by John Wilkinson and Purcell Weaver. NOTRE DAME: Center for the Study of Democratic Institution.
- Rapp, Christof. 2021. The Stanford Encyclopedia of Philosophy. Edited by Edward N. Zalta. Metaphysics Research Lab, Stanford University. March. Accessed 4 29, 2022. <https://plato.stanford.edu/archives/spr2022/entries/aristotle-rhetoric/>.
- Smith, Robin. 2020. The Stanford Encyclopaedia of Philosophy. Edited by Edward N. Zalta. Stanford University} {Metaphysics Research Lab. fall. Accessed May 8, 2022.
- https://plato.stanford.edu/archives/fall2020/entries/aristotle-logic/.

# الحجاج الشعري بين الشاعر و المتلقي
# من منظور تقنيات الفصل في نظرية البلاغة الجديدة لبيرلمان و تيتيكا
# الشعر الكوردى بلهجة الكوردية الوسطى أنموذجا

**هيمداد حوسێن بەکر**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية ،جامعة صلاح الدين –أربيل
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**محمد عبدالكريم ابراهيم**
المديرية العامة للتربية- اربيل - وزارة التربية
muhammad.ibrahim@student.su.edu.krd

الملخص
يركز هذا البحث على فعالية تقنيات الفصل الحجاجي لنظرية البلاغة المعاصرة الحجاجية لبيرلمان و تيتيكا على دور كل من الشاعر و المتلقي في بناء الحجاج الشعري. بموجب هذه النظرية، فإن لكل من المرسل و المتلقي دورا فعالا في بناء حجاجية التعبير الشعري. وكما أن الشاعر يبذل قصارى جهده في جعل تعبيراته حجاجية، فإن المتلقي يكشف عن خبايا حجاجية التعبيرات الشعرية و يتفاعل معها و يقتنع بها. وقد اخترنا الأمثلة التطبيقية من الشعر الكوردي المكتوب بلهجة الكوردية الوسطى.
يتكون البحث من فصلين، الفصل الأول: يشتمل تعريف الحجاج و مفهوم الحجاج في القرن العشرين. والفصل الثاني: عرض لتقنيات الفصل في نظرية البلاغة المعاصرة لبيرلمان و تيتيكا مع تطبيق التقنيات على أمثلة من الشعر الكوردي ثم شرح و توضيح الجانب الحجاجي من كل مثال. و ينتهي البحث بعرض أهم النتائج المستخلصة.

**الكلمات المفتاحية**:الحجاج، تقنيات الفصل، القياس المنطقي، البلاغة الجديدة، الإقتناع

# The Poetic Argument Between the Poet and The Receiver
# According To Dissociation Techniques in The New Rhetoric Theory of Perelman and Tyteca
# The Middle Kurdish Poetry as A Model

**Himdad Husain Bakir**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University-Erbil
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**Muhammad Abdulkareem Ibrahim**
General Directorate of education in Erbil- Ministry of Education
muhammad.ibrahim@student.su.edu.krd

**Abstract**.
This paper focuses on the argumentative Dissociation techniques of the New Rhetoric theory of Perelman and Tyteca. The role of the poet and the receiver in constructing the poetic Arguments is also discussed. According to this theory, both of the sender and the receiver have an active role in constructing the argumentation of poetic expression. We have chosen applied examples from Kurdish poetry written in the middle Kurdish dialect.
The research consists of two chapters, the first chapter: includes the definition of Argument and the concept of Arguments in the twentieth century. And the second chapter: discusses the techniques of Dissociation in the New rhetoric theory of Perelman and Tyteca, with the application of the techniques to examples of Kurdish poetry, and then explains and clarifies the argumentative aspect of each example. The research ends with the presentation of the most important results.

**Keywords**: Argument, Dissociation techniques, Syllogism, The new rhetoric, Conviction.